گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆڵی ڕستەی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا"

*** ئەم توێژینەوەیە بە شێکی وەرگیراوە لە نامەی دکتۆرا**

م.ی .ڕێژنە سیف الدین حسن
بەشی کوردی،کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ،هەرێمی کوردستان ، عێراق
rezhna.hasan@su.edu.krd

پ.د.عبدالواحید موشیر محمود
بەشی کوردی ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەرێمی کوردستان ، عێراق
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٠/٨/٩
پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٢٨
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٠

ووشە سەرەکییەکان
open questions closed questions, archers questions, fishing questions, controlling, classroom management

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.3.02

پوختە

باسەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕستەی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا) ، کە باس لە هێز و کاریگەری پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا دەکات، بێگومان پرسیارکردن هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە، مامۆستا دەتوانێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل و ڕاکێشانی سەرنجی قوتابی بۆ ناو کەش و هەوای وانەکە پشتیپێببەستێت ، بەجۆرێك کە قوتابی خۆی سەرقاڵ نەکات بە شتی لاوەکی . لەم توێژینەوەیەدا دوو پرۆسەی وانەوتنەوە بە نموونە وەرگیراون و تۆمارکراون ، دواتر جۆرەکانی پرسیار و ڕێژەی بەکارهێنانیان لە هەردوو وانەکە دەستنیشانکراون، کاریگەریی پرسیار لە هەردوو وانە لەڕووی کۆنترۆڵکردنی پۆلەوە خراوەتەڕوو ، لە کۆتایشدا گەیشتین بەو ئەنجامەی، کە لە وانەی یەکەمدا، لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە بابەتەکان شیکراونەتەوە و مامۆستا زۆر بە باشی کۆنترۆڵی پۆلی کردووە ، کەچی لە وانەی دووەمدا چونکە ڕێژەی پرسیارکردن زۆر کەمە ،بۆیە قوتابی هەست بە بێزاری دەکات و مامۆستا بە ئاسانی ناتوانێت سەرنجی قوتابییەکان بۆ وانەکە ڕابکێشێت ،بەردەوام قوتابی سەرقاڵە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. پێشەکی:

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا پەروەردەو فێرکردن لایەنێکی فراوان و گەورەی ژیان پێکدەهێنن، بە جۆرێك کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا برەودان بەم لایەنەیە ،بۆتە خاڵی بنەڕەتی پێشکەوتن و شارستانیەت ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئاراستەی جیاجیاو شێواز و هۆکار خراونەتەبەر دەستی مامۆستا ،بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، کە ئامانجی سەرەکی مامۆستا گەیاندنی پەیامەکەیەتی بە باشترین و ئاسانترین شێوە ، چەندین هۆکاری یارمەتیدەر هەن ،کە کارئاسانی زۆر بۆ مامۆستا دەکەن بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ، پرسیاری ناو پۆل یەکێکە لە شێوازە گرنگ و سەرکەوتووەکانی ئەم پرۆسەیە ، کە مەبەست لێی گەیاندنی زانیاری و بەشدارپێکردنی قوتابیە لە شیکردنەوەی بابەتدا ، بە بەکارهێنانی جۆرە جیاجیاکانی پرسیار.

-ناونیشانی باسەکە:

باسەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕستەی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا)

گرنگی توێژینەوەکە:

ڕستەی پرسیاریی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، کاریگەری گەورەی هەیە ،جۆر و شێوازە جیاجیاکانی پرسیار کاریگەری لەسەر کۆنترۆڵکردنی پۆل هەیە، لەلایەن مامۆستا و ڕاکێشانی قوتابی بۆ ناو کەشوهەوای وانەکە ،بۆیە لەم باسەدا هەوڵمانداوە کاریگەری پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا بخەینەڕوو .

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژنەوەیە ئەوەیە کاریگەری ڕستەی پرسیاریی لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا بخەینەڕوو، لە ڕێگەی وەرگرتنی دوو پرۆسەی وانەوتنەوەوە بە نموونە و بەهۆیەوە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە:

-ڕستەی پرس و جۆرەکانو ڕستەی پرس ،چ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی وانەوتنەوە و کارگێریکردنی پۆلدا هەیە؟

-کاریگەری ڕستەی پرس لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا، لەهەردوو وانەکەدا چۆنە؟

ڕێبازی توێژینەوەکە :

پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم : بە ناونیشانی (ڕستەی پرسیار و جۆرەکانی پرسیار)، کە چەند بابەتێك لە خۆ دەگرێت لەوانە : (چەمك و پێناسەی ڕستەی پرسیار ، دارشتنی ڕستەی پرسیار ، پۆلێنکردنی جۆرەکانی پرسیار)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشی دووەم : بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕستەی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا) چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت لەوانە : (جۆرەکانی پرسیار و کاریگەرییان لەسەر کۆنترۆڵکردنی پۆل ، تەکنیکی پرسیارکردن لە پۆلدا ،ئامانجەکانی پرسیارکردن لە پۆلدا ، گرنگی پرسیارکردن لە پۆلدا، تایبەتمەندییەکانی پرسیار لە ناو پۆلدا ، میتا زمانی ڕستەی پرس ، جۆرەکانی پرسیار لە (وانەی یەکە م ء وانەی دووەم)دا ، گرنگی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا لە (وانەی یەکەم ء وانەی دووەم)دا)، لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی باسەکە خراونەتەروو .

بەشی یەکەم : ڕستەی پرسیار و جۆرەکانی پرسیار

لەبواری پەروەردەو فێرکردندا چەند هۆکار و ڕێگایەك هەن ، بۆئەوەی پرۆسەی فێرکردن کارا و کاریگەر تر بکەن و ئەنجامی ئەرێنی بە دەستبخرێن . یەك لەو شێواز و ڕێگایانەی کە کاریگەری گەورەی لەم بوارەدا هەیە، شیکردنەوەی بابەت و گەیاندنی زانیارییە لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە . ئاراستە نوێیەکانی پەروەردە جەخت لەسەر گرنگی پرسیارکردن لە پرۆسەی فێرکردندا دەکەنەوە ، شیکردنەوە و گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە ، کاریگەی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی بیرکردنەوە لای قوتابی دەبێت ، ئەمەش پێویستی بە کارامەیی وانەوتنەوە هەیە و باشترین مامۆستا ئەوەیە کە دەزانێت چۆن و کەی لە کێ پرسیار دەکات .

١-١) چەمك و پێناسەی ڕستەی پرسیار:

ڕستە لەڕووی ناوەرۆکەوە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەکرێت . وەك : (ڕستەی زانیاری و هەواڵگەیاندن ، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی بانگکردن ، ڕستەی پارانەوە،....هتد) . ڕستەی پرسیاری بەوە پێناسە دەکرێت کە:

-((دەستخستنی زانیارییە ، لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت ، چونکە قسەکەر زانیاری لا نیە دیەوێ بە هۆی پرسیارکردنەوە ئەو زانیارییە بەدەست بێنێ))(فەرهادی ، 2013، 47)

مەرج نییە پرسیارکردن تەنها لە نەبوونی زانیارییەوە بکرێت، هەندێك جار بۆ هەڵسەنگاندنی گوێگر دەکرێت، وەك ئەو پرسیارانەی مامۆستا لە پۆلدا ئاراستەی قوتابیانی دەکات.

-(داوایەکە ئاراستەی کەسێك یان چەند کەسێك دەکرێت بۆ وەڵامدانەوە بە شێوەی زارەکی یان نوسراو)(خوالدە وعید ، 2001)

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا پرسیارکردن بەوە پێناسە دەکرێت کە :

-(ڕستەیەکی پرسیارییە پێویستی بە وەڵامە ، کە بە زمانێکی سادە و روون و ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێدەکرێت ، بۆ ئەوەی قوتابی بتوانێت تێی بگات) (أبوشعیرە ، الغباری ، 2009)

واتە دەبێت زمانی پرسیارکردن زمانێکی روون و سادە بێت وبە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگەیەنرێتە گوێگر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-٢) دارشتنی ڕستەی پرسیار:

ڕستەی پرسیاری لەزمانی کوردیدا بە دوو شێوە دەکرێت:

أ-بەهۆی ئامرازەکانی پرس: وەك : (کێ ، کەی ، چۆن ، بۆچی ،,,,هتد)، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێك بەکاردێن، وەك (کات شوێن ، چۆنیەتی ،کەس ، رادە و ژمارە ،...هتد)بۆ نموونە:

1. کێ (بۆ کەس) – کێ هات؟
2. کەی (بۆ کات) - کەی وانەکەت خوێند؟
3. چۆن (بۆ چۆنیەتی) – چۆن خواردنەکە چاك بکەم ؟
4. چ /چی (بۆ شت) – ئەوە چیە؟
5. بۆ / بۆچی (بۆ هۆکار) – بۆچی دواکەوتن؟
6. کوێ/لە کەێ (بۆ شوێن) – خۆشترین شار کوێیە؟
7. چەند(بۆ رادە و ژمارە) – دهۆك چەند لێرە دوورە؟
8. بەچەند (بۆ نرخ) – ئەم کتێیە نرخی چەندە؟
9. کام / کامە(بۆ هەڵبژاردن)- کامەیان دەبەیت؟
10. ئایا (بۆ پشتراستکردنەوە) – ئایا زمان سیستەمی هەیە؟

ئەو ڕستە پرسیاریانەی کە بەهۆی ئامرازی پرسەوە دەکرێن، لەرووی دارشتن و ریزبوونی کەرەسەکانەوە، بە پێی مەبەستی قسەکەر و ئەو ئامرازەی کە بەکاردەهێنرێت ، ریزبوونی تایبەتی خۆیانیان هەیە ،واتە ئامرازە پرسەکە دەکەوێتە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی ڕستەکەوە ((ئامرازی پرس دەکەوێتە سەرەتا کاتێك دەوری بکەر دەبینێت، وەك:

١-کێ هات ؟

٢-کێ چوو بۆ هەولێر؟

دەکەوێتە ناوەراست، کاتێك کە ئامرازەکە لەگەڵ گرێی ناوی دەوری دیارخەر دەبینێت، یان دەبێتە تەواوکەری بە یاریدە، یان لە گرێی کاری دەوری تەواوکەری راستەوخۆ دەگێرێت ، وەك :

٣-باوکی کێ جوتیارە ؟

٤-منداڵەکە بە چی یاری دەکات ؟

دەکەوێتە کۆتایی، کاتێك کە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو، یان کار دەچێتە پێشەوە، وەك:

٥ -کێ بە کێیە؟

٦-هات بۆ لای کامман؟ (بەگیخانی ، 1996، 73-74)

بە پێی مەبەستی قسەکەر شوێنی ئامرازەکە دەگۆڕێت ، مەبەستی جەختکردن بێت لەسەر کام کەرەسە دەیخاتە سەرەتای ئاخاوتن ، بۆ نموونە:

٧- کەی تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەین؟

٨- تاقیکردنەوە کەی ئەنجامدەدەین ؟

لە ڕستەی یەکەمدا، مەبەستی قسەکەر جەختکردنەوەیە لەسەر کاتی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە و لە ڕستەی دووەمدا، مەبەستی جەختکردنەوەیە لەسەر تاقیکردنەوەکە ، بۆیە بە لووتکەی کردووە.

ب- بێ ئامراز (بە هۆی ئاوازە):

ئەو ڕستە پرسانەن، بە بێ بەکارهێنانی ئامرازی پرس تەنها بە هۆی ئاوازەی ڕستەکەوە بەدەستدەهێنرێن ((ئەم جۆرە ڕستەیە بەبێ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پرس دەکرێت ،بەڵکو بە هۆی ئاوازەی دەنگەوە دەکرێت و (ئاوازەی ئەم جۆرە ڕستەیە لە بەرزەوە بۆ نزمە))(وەمیس ، 1984 :93).وەك:

٩-چۆن هاتی ؟

٣-١) پۆڵێنکردنی جۆرەکانی پرسیار:

جۆرەکانی پرسیارکردن بە چەندین شێوە پۆڵێنکراون ، هەریەکەشیان لەڕوویەکەوە پۆڵێنکردووە ، لێرەدا هەندێك لەم پۆلێنانە دەخەینەروو ، کە لە بواری فێرکردندا گرنگی زۆریان هەیە ، لەوانە:

یەکەم: بە گوێرەی پۆڵێنی : (weaver & cenci)

بە گوێرەی پەم پۆڵینە، پرسیاری ناو پۆل دابەشدەکرێَت بەسەر دوو جۆردا:

أ-پرسیاری بە بیرهێنانەوە :(Memory Questions)ئامانجی ئەم جۆرە پرسیارە، هاندانی قوتابیە بۆ گەراندنەوەی ئەو زانیارییانەی پێشتر وەریگرتووە و فێربووە.

ب-پرسیاری وروژاندنی بیرکردنەوە : (Thought Provoking Questions)ئەم جۆرە پرسیارە داوا لە قوتابی دەکات، وەلامەکەی شیبکاتەوە و وەلامێکی لۆجیکی وجۆریی بدات بە دەستەوە ، بۆ گەشەپێدانی شیکردنەوە و ڕێکخستن و بەراوردکردن و پێشبینیکردنە لای قوتابی. (المالکی ، 275-276)

دووەم: پۆڵینی) بلوم (Bloom-بۆ جۆرەکانی پرسیار :

-پرسیاری بەبیرهێنانەوە : ئەم جۆرە پرسیارە جۆرێکی بڵاوی پرسیارکردنە ،کە مامۆستا لە پۆلدا پرسیار ئاراستەی قوتابیان دەکات و داوایان لێدەکات زانیارییە هەڵگیراوەکانی یادگە بگەڕێننەوە.

-پرسیاری تێگەیشتن : بریتیە لە گۆڕینی زانیارییەکان و گۆڕینی بۆ شێوەی هێمایی و دووبارە دارشتنەوەی دەستەواژەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، واتە داوا لە قوتابی دەکرێت زانیارییەکان بە شێوازێکی تر دەربڕێت.

-پرسیاری کارەکیی/پراکتیکی : ئەم جۆرە پرسیارە بۆ ئەوە دەکرێت، تاکو ئەو زانیارییانەی پێشتر وەرگیراون، بتوانرێت پراکتیکی بکرێن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو، یان بنەما و یاسایەکی دیاریکراو ، لە ڕێگەی دەستەواژەکانەوە (پراکتیکی بکە ، ڕێکی بخە ، بەکاربهێنە ، شیبکەوە ، ...هتد).

-پرسیاری شیکردنەوە : ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانە و قوڵ هەیە ، پێویستی بە سێ کرداری بیرکردنەوە هەیە : شیکردنەوەی زانیارییەکان و دەست نیشانکردنی هۆکارەکان و گەیشتن بە ئەنجام ، لە ڕێگەی دەستەواژەکانی (هۆکارەکەی دەستنیشانبکە ، شیبکەوە ، بۆچی،...هتد)(الحداد ، 2-4)

-پرسیاری پێکهاتەیی : ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە هەیە ، لەگەڵ توانستی پەیوەستکردنی بنەما و راستیی و هۆیەکان ، تاکو بگاتە ئەنجامێکی دیاریکراو ، کە نموونەی داهێنان بێت ، لە ڕێگەی فرمانەکانی ، (پلانی بۆ دابنێ ، پۆلێنی بکە ، ڕێکی بخە ،...هتد)

-پرسیاری هەڵسەنگاندن : ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی بە بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە هەیە ، کە ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ بڕیاردان (دزەیی ، 2012: 8).

سێیەم: پۆلێنکردنی پرسیار لە ڕووی کراوەیی و داخراوی دەکرێت بە دوو جۆر:

1. پرسیاری کراوە:

ئەم جۆرە پرسیارە ((کاریگەرییەکی زۆری هەیە، لەسەر رازیکردنی ئاخێوەران ،بە ئامرازەکانی (چی ، چۆن، بۆ) دەکرێت و پاڵنەرێکە بۆ قسەکردن ،وا لە کەسەکە دەکات ،کە قسە بکات و زانیاری نوێ بدات (دزەیی،2012: ٧)بۆ نموونە:

١٠-زمانەوانی لای ئێوە چۆن پێناسە دەکرێت؟

ئەم جۆرە پرسیارکردنە زیاتر بۆ بەردەوامی دانە بە ئاخاوتن و ئەو وەڵامەی کە (وەرگر) دەیداتەوە راست و هەڵەی تێدایە ،چونکە ئەم پرسیارە زیاتر لە جەمسەرێکی هەیە و زیاتر لە وەڵامێك هەڵدەگرێت. مامۆستا دەتوانێت سود لەم جۆرە پرسیارکردنە وەربگرێت ،بۆ ئەوەی قوتابی قسەبکات و بەبۆچوونەکانی بەشدارییکات لە وانەکە ،بە تایبەت ئەو قوتابیانەی کە بەشدارییان کەمە و شەرمدەکەن .ئەم جۆرە پرسیارە زیاتر لە ناوەڕاستی وانەدا بەکاردەهێنرێت.

2. پرسیاری داخراو:

ئەم جۆرە پرسیارە بۆ سنوردارکردنی چوارچێوەی ئاخاوتن و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر بەکاردێت بە دوای وەڵامێکی سنوورداردا دەگەرێت(دزەیی،7:2012)، بۆ نموونە:

١١-لەم دوو ئاراستەیەدا کامەیان لای ئێوە پەسندە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم جۆرە پرسیارە وا دەکات، وەڵامی (وەرگر) سنورداربێت و (نێرەر) خۆی سنور بۆ وەڵامی (وەرگر) دادەنێت . مامۆستا دەتوانێت سوود لەم جۆرە پرسیارە وەربگرێت لە کاتی وانەوتنەوەدا، بە تایبەت لە سەرەتای وانەکە و لە دەستپێکی ئاخاوتن و بۆ راکێشانی قوتابی بۆ ناو وانەکە . بەگشتی هەردوو جۆری ڕستەکە گرنگن لە ناو پۆلدا بەکاریانبهێنێت ،بەڵام هەریەکەیان لەکات و شوێنی خۆیدا ،هەندێك کات پرسیاری بەدواداچوونیش بەکاردەهێنرێت ،بەتایبەتی کە مامۆستا بیەوێت قوتابی رۆڵی هەبێت لە شیکردنەی بابەتەکاندا و بەردەوام بێت لە ئاخاوتنەکەی، بەگشتی پرسیارکردن چەند کاریگەرییەکی لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا هەیە، لەوانە:

١-کلیلی دەرگای تێگەیشتە.

٢-هاندانی قوتابی بۆ بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ.

٣-پێداچوونەوەی بابەتەکە.

٤-هەڵسەنگاندنی قوتابی.

٥-گەشەپێدانی بیرکردنەوە.

٦-راکێشانی سەرەنجی قوتابی بۆ ناو کەشوهەوای وانەکە .(مستەفا،2016 :21)

لەرووی دەستنیشانکردنی قوتابی بۆ بەشداریکردن و وەڵامدانەوەی پرسیار ، دوو جۆر پرسیار جیاکراونەتەوە :

١-پرسیارکردن لە شێوەی تیرەئەندازی: (Shooting question)

ئەم جۆرە پرسیارکردنە بریتیە لە ((دەست نیشانکردنی قوتابی لەکاتی ئاراستەکردنی پرسیاردا))(مستەفا،2016،ل22)، واتە مامۆستا کاتێك، کە پرسیار ئاراستە دەکات خۆی دەستنیشانی قوتابیەکان دەکات ، بەمەش دەتوانێت کۆنترۆڵی پۆل بکات و قوتابی هەردەم لە ئامادەباشیدا بێت و لەوانەکە دانەبڕێت ، بێگومان ئەمەش سودی خۆی هەیە ، مامۆستا دەتوانێت بەکاریبهێنێت بە تایبەت ((بۆ ئەو قوتابیانەی کە ئاژاوەگێڕن و بیریان لای وانەکە نیە یان ئەو قوتابیانەی کە شەرمنن و بەشداری وانەکە ناکەن ،وا باشترە پرسیارەکان پرسیاری داخراو بن))(مستەفا،2016 :22)،ئەم شێوە پرسیارکردنە لەگەڵ ئەو سودانەی کە هەیەتی ، کەموکوریشی هەیە ،کە قوتابی لە حاڵەتێکی دەروونی ناجێگیر دەبێت و هەمیشە بیری لای ئەوەیە ،کە مامۆستا بەشداریپێبکات ،بەتایبەت ئەو قوتابیانەی کە شەرمنن و متمانەیان بەخۆیان نییە.

٢ -پرسیارکردن لە شێوەی ماسیگر: (Fishing question)

بریتیە لە ((دەست نیشان نەکردنی قوتابی لە کاتی ئاراستە کردنی پرسیار)) (مستەفا،2016 :23) واتە مامۆستا قوتابیەکان دەستنیشانناکات ،بەڵکو تەنها ئەو قوتابیانە بەشداری وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەکەن ،کە دەستیان بەرزدەکەنەوە ،ئەم جۆرە پرسیارکردنەش سودی خۆی هەیە، لەوانە(بۆ ئەو قوتابیانەی ئاستی زیرەکیان بەرزە ،یان بۆ ئەو قوتابیانەی متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە، پرسیارەکانیش لە شێوەی پرسیاری کراوەن)(مستەفا،2016 :23) . ئەم شێوە لە پرسیارکردنەش کەموکوڕی خۆی هەیە، بەوەی کە تەنها گرنگی دەدرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە قوتابیە زیرەکەکان و ئەو قوتابیانە فەرامۆشدەکات ،کە شەرمنن یان ئاژاوەگێران ، بەمەش مامۆستا ناتوانێت کۆنترۆڵی پۆل بکات ،چونکە بەشێك لە قوتابیان فەرامۆشدەکات، بۆیە گرنگە هەردوو شێوەی پرسیارکردن لەکاتی وانەوتنەوەدا بەکاربهێنرێت ، واتە مامۆستا لە پاڵ پرسیارکردن (لە شێوەی راوی ماسی) وا باشترە ناوە ناوە مامۆستا پرسیار لە شێوەی (تیرهاوێژی) ئاراستەی قوتابیەکان بکات ،بۆ هێنانەی قوتابیان بۆ ناو کەشوهەوای وانەکە، یان پرسیار پۆلێندەکرێت بۆ پرسیاری بەرتەسك (Narrow) یان پرسیاری فراوان (Broad)، کە پرسیاری بەر تەسك ئەو پرسیارانەن کە پێویستیان بە وەڵامی تایبەت و دیاریکراو هەیە و پرسیاری فراوانیش ئەو پرسیارانەن کە پێویستیان بە وەڵامی گشتی و فراوان هەیە.

بەشی دووەم : رۆڵی ڕستەی پرسیار لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا:

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا کۆنترۆڵکردنی پۆل هەنگاوێکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا ، رەخساندنی کەشێکی لەبار و زانستی بە جۆرێك هەم مامۆستا و هەم قوتابي تێیدا ئاسودە بن زۆر گرنگە ، ئەمەش پێویستی بە کارامەیي و شارەزایي هەیە کە دەبێت مامۆستا زانیاری هەبێت لەسەر هەنگاو رێگاکانی بەڕێوەبردنی پۆل و ئەو شێواز و رێگا جیاوازانەی کە لەم بوارەدا بەردەستن . بێگومان کۆنترۆڵکردنی پۆل کۆمەڵێك لایەن دەگرێتە، هەم لەرووی دەروونییەوە ، هەم لەرووی هۆکارە مادییەکانی فێرکردن و ژینگەی پۆل دەبێت قوتابي ئامادە بکرێت ، زۆر گرنگە ژینگەی گونجا و بێت و هەموو هۆکارەکانی فێرکردنی تێدا بەردەستبێت، هەروەها گرنگی و کاریگەری ئەو بابەتەی مامۆستا پێشکەشی دەکات کاریگەری زۆری لەسەر راکێشانی سەرنجی قوتابي هەیە ، لەوەش گرنگتر ضۆنیەتی خستنەرووی بابەتەکەیە ، هەرضەندە بابەتەکە بابەتێکی گرنگ بێت ،ئەگەر شێوازی گەیاندنی باش نەبوو کاریگەری ئەوتوی نابێت و نابێتە جێگای سەرنجی قوتابي ، بۆیە شێوازی گەیاندن و خستنەرووی بابەت گرنگە ، بە تایبەت شێوازێك کە قوتابي تەنها گوێگر نەبێت ، بەڵکو لەپاڵ مامۆستادا بابەتەکە شیبکاتەوە و بۆضوونەکانی خۆی بخاتەروو و کەشێکی پڕ لە گفتوگۆی زانستی برەخسێت ، بۆ ئەمەش گەیاندن بە ڕێگەی پرسیار و وەلأم و بەشداری پێکردنی قوتابي بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ،وا دەکات قوتابي بەشێکی گرنگی وانەکە بێت و بەردەوام سەرنجی لای وانەکە بێت ، بەمەش مامۆستا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی پۆل بکات ،ئەمەش پێویستی بە پلانی پێشوەختە هەیە کە بریتیە لە شارەزابوون لە پرسیارو جۆرەکانی پرسیار و کات و ضۆنیەتی پرسیارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ وەلأمی قوتابیان ، ئینجا جێبەجێکردنی ئەو پلانە لەناو پۆلدا بە شێوەیەکی کارەکي .

٢-١) تەکنیکی پرسیارکردن لە پۆلدا:

پرسیاری ناو پۆل پێویستی بە کۆمەڵێك تەکنیك هەیە ، تاکو مامۆستا بتوانێت بە شێوەیەکی دروست و زانستیانە کارگێری گفتوگۆ و مامەڵەکردن لەگەڵ وەلأمی قوتابییەکان بکات ،لەوانە:

1-دەبێت مامۆستا بەر لە هەموو شتێك شارەزایي تەواوی لە جۆرەکانی پرسیار و کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی قوتابي هەبێت ، بزانێت کەی چ جۆرە پرسیارێك بەکاردەهێنێت.

٢ -هەڵبژاردنی وشە و دارشتنی پرسیار، بێگومان دەبێت مامۆستا کارامە بێت لە هەڵبژاردنی وشەی سادە و روون و باو بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی و ضۆنیەتی دارشتنی پرسیار بە پشتبەستن بە تایبەتمەندیەکانی پرسیاری باش، وەك : (دەستەواژەی کورت و گونجاو و روون و....هتد)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣ -بەکارهێنانی ئاوازەی دەنگ لەکاتی پرسیارکردن بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابي بۆ لای خۆی رابکێشێت.

-گونجاندنی پرسیار لەگەڵ ئاستی ژیری قوتابی و بەکارهێنانی پرسیاری بەدواداچوون لە کاتی پێویستیدا ، واتە رەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی قوتابی لەکاتی هەڵبژاردنی جۆری پرسیار ، بۆ نموونە ئەو قوتابیانەی کە ئاستیان لاوازە لە رووی زانستیەوە دەکرێت مامۆستا لە رێگای پرسیاری بەدواداچوون فێریانبکات رایانبهێنێت لەسەر بیرکردنەوە.

٤-دوای ئاراستە کردنی پرسیار دەرفەت بدرێت بە قوتابی بۆ بیرکردنەوە.

٥-هاندان دوای وەلامدانەوە : چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وەڵامی قوتابی زۆر گرنگە بەکارهێنانی دەستەواژەی هاندان و نرخاندنی وەڵامی قوتابی ، چونکە ئەمە وا دەکات قوتابی شەرمنەکات لە هەڵەکانی و فێری گفتوگۆ و رێزگرتن دەبێت لە بۆچوونی بەرامبەری .هەرچەندە وەڵامی قوتابی ئەگەر وەك پێویست نەبوو یان هەڵە بوو ، ئەوا هەردەبێت هانبدرێت و دەستخۆشلێبکرێت.

٦ -دادپەروەری لە بەشداریپێکردن : دەبێت مامۆستا بەیەك چاو سەیری هەمووقوتابیان بکات و وەکو یەك دەرفەتی بەشداریکردنیان پێبدات.

٢-٢) ئامانجەکانی پرسیارکردن لە پۆلدا:

لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا پرسیارکردن لە گرنگترین ئەو هۆکارانەیە ، مامۆستا لە پێناو چەند ئامانجێکدا پشتپێدەبەستێت، لەوانە:

١-دەستپێکی وانە (واتە ئاسانکاری بۆ چوونە ناو وانە).

٢-سەرنجراکێشانی قوتابی : بۆ ئەوەی قوتابی لە پۆلدا هەمیشە بیری لای وانەکە بێت و دوورنەکەوێتەوە و لە ئامادەباشیدا بێت بۆ وەڵامدانەوەی پسیاری مامۆستا.

٣ -زانینی ئاستی وەرگرتنی زانیارییەکان کە پێشتر خوێندوویەتی.

٤-ئاراستەکردنی قوتابی و رێکخستنی پۆل.

٥-وەرگرتنی فیدباك لە قوتابی کە تاچەند زانیارییان وەرگرتووە و سودیان بینیوە.

٦-هاندانی قوتابی بۆ گفتوگۆ لەناو پۆلدا.

٧-گەشەسەندنی پەیوەندی نێوان قوتابیان لە پۆلدا (أبو محفوظ ، ٢٠١٠: ٣١)

٨-دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی قوتابی.

٩-زانینی ئاستی زانیاری قوتابی پێش دەستکردن بە پێدانی زانیاری نوێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٠-ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی قوتابی بۆ ئاستێکی باڵا (Martin ,et al ,2001)

٢-٣) گرنگی پرسیارکردن لە پۆلدا:

پرۆسەی فێرکردن کاتێك پرۆسەیەکی سەرکەوتوو دەبێت ، ئەگەرهاتوو مامۆستا بتوانێت ئەو ئامانجانەی کە دەستنیشانی کردوون بیانهێنێتە دی ، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا دەتوانێت به بەکارهێنانی هەموو ئەو هۆکارانەی کە بۆ فێرکردن لەبەردەستیدا هەن، لەگەڵ دۆزینەوەی شێوازی گونجاو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ، پرسیارکردن یەکێکە لە کردارە هەرەگرنگەکان کە دەبێت مامۆستا لە پۆلدا ئەنجامی بدات ، چونکە پرسیارکردن گرنگی زۆری بۆ مامۆستا و بۆ قوتابی هەیە، لەوانە: پاڵنەرە بۆ قوتابی : لە ڕێگای پرسیارکردنەوە قوتابی سەرنجی لای وانەکە دەبێت ، هاندان بۆ فێربوون ، یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ڕێکخستنی بیرۆکەکانی ، ڕاهێنانی قوتابی بۆ قسەکردن ، ڕێزگرتنی ڕا و بۆچوونی یەکتر (عبیدات، 1991)،واتە قوتابی ڕادێت بۆ ئەوەی بتوانێت قسە بکات بە تایبەت ئەو قوتابیانەی کە شەرمن و داخراون و چالاکییان کەمە ، جگە لەمە وا دەکات لەناو پۆلدا کەشێك دروست بێت کە مامۆستا و قوتابی تێکەڵی وانەکە ببن ، لەلایەکی ترەوە پرسیارکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی گرنگی بدات بە بابەتی وانەکە و ئامادەبێت بۆ فێربوونی زانیاری نوێ و هاندانی بۆ بەشداریکردن و سەرنجراکێشانیان (Morgan&saxon,1991) ، هەروەها خوڵقاندنی بیری داهێنەرانە لای قوتابی و (ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی قوتابی بۆ ئاستی بیرکردنەوەی باڵا و یارمەتیدانیان بۆ پێشخستنی تێگەیشتن) (chuska,1995)، هاندانی قوتابی بۆ گەیشتن بە زانیاری دروست هەنگاو بە هەنگاو چەسپاندنی زانیارییەکان لە ڕێگای تێگەیشتن و لە بیرنەکردنیان و پتەو کردنی پەیوەندی مامۆستا و قوتابی و تێکەڵاوبوونیان بە بابەتی وانەکە و لە لایەکی ترەوە کارگێری و کۆنترۆڵکردنی پۆل ئاسانتر دەکات وا دەکات قوتابی هەمیشە بیری لای وانەکە بێت و خۆی خەریکنەکات بە شتی لاوەکی و هەستنەکردن بە بێزاری لای قوتابی ، چونکە قوتابی تەنها گوێگر نابێت، بەڵکو بەشداربوویەکی کارای وانەکە دەبێت و هەست بە بوون و گرنگی خۆی لە ناو پۆلدا دەکات .

٢-٤) تایبەتمەندییەکانی پرسیار لە ناو پۆلدا:

لە میانەی پرۆسەی وانەوتنەوەدا، ئەو پرسیارانەی مامۆستا ئاراستەی قوتابی دەکات لەناو پۆلدا، دەبێت خاوەنی چەند تایبەتمەندییەك بێت، لەوانە:

١-دەبێت پرسیار روون بێت و ئاڵۆز نەبێت ، دەربڕینەکان کورت بن و گونجاو بن و پەیوەست بن بە بابەتی خوێندن.

٢-دوورکەوتنەوە لە پرسیاری ناروون و گشتگیر.

٣-نابێت لە ناو یەك پرسیاردا داوا لە قوتابی بکرێت وەڵامی دوو پرسیار یان زیاتر بداتەوە.

٤-نابێت لە پرسیاردا پشت بە خەملاندن ببەسترێت.

٥-دەبێت پرسیارەکان هەمەجۆر بن و رەچاوی جیاوازی تاکایەتی قوتابی بکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦-دەبێت پرسیار بگونجێت لەگەڵ تواناکانی قوتابیدا.

٧-لە رووی ئاسانی و گرانیەوە دەبێت پرسیار ناوەندیی بێت نە زۆر گران بێت نە زۆر ئاسان(Aggarwal,c,1996: 219)

٨-پێویستە پرسیار بیری قوتابی بجولێنێت و بگەرێت بەدوای هۆکار و چارەسەردا، واتە تەنها بە بەڵێ و نەخێر وەلامنەدرێتەوە.

٩-دەبێت پرسیار بە یەکسانی بۆ هەموو قوتابیانی پۆل بێت نەك تەنها کۆمەڵێك قوتابی.

١٠ -کاتی تەواو بدرێت بە قوتابی بۆ بیرکردنەوە و وەڵامدانەوە.

١١-ئامانجی پرسیار روون بێت . (أبو محفوظ، 2010 ، 31-32)

٥-٢) میتا زمانی ڕستەی پرس:

زمانی میتا (Language of meta) بەوە پێناسە دەکرێت کە ((زمانی وردبینییە بریتیە لە ئامراز و پرسیار بەکاردێت بۆ نەهێشتنی لێڵی و بۆشایی و درکپێکردن بە کەموکوڕی قسە))(دزەیی ،2013: ١٢٠)، لە ڕێگەی زمانی میتا دەتوانین بگەین بە و زانیارییانەی کە مەبەستمانە لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە، چونکە (لە کاتی بەکارهێنانی زمانی میتا دەبێتە هۆی ئەگەری بە دەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی بەرامبەری دەکەی بە مەبەستی گەیشتن بە وەلامێکی راست و چاوەڕوانکراو)(الفقی ، 2009: 114) ، زۆرجار لە کاتی ئاخاوتندا قسەکەر زانیارییەکان وەك خۆی نادات بە گوێگر، بەڵکو فلتەریان دەکات ، بۆیە لە ڕێگەی زمانی میتا دەتوانین ئەو زانیاریانە بگێرینەوە ،((پرسیارەکان ئەو زانیارییانە دەگێرنەوە ،کە راستکراوەتەوە یان لادراوە ، یان گشتێنراوە))(دزەیی،2013: ١٢٠) واتە ئەو زانیارییانەی کە لە پشتی دەربڕینەکە هەن ،دەتوانین لە ڕێگەی زمانی میتا دەریانبخەین، لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە:

١١-قسەکەر : کوردەکان مرۆڤی بەهێزن.

گوێگر دەتوانێت لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بگات بە راستی ئاخاوتنەکە، وەك:

ا-هەموو کورد بەهێزن ؟

ب-بەڵگەت چییە ؟

ج- پێوەری بەهێزی لای تۆ چییە؟

د-هیچ کوردێك نییە بێهێز بێت؟

....-هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە گوێگر دەگات بە وەڵامێکی ڕاست و لۆژیکی .لە پرۆسەی وانەوتنەوەشدا بەکارهێنانی زمانی میتا لە لایەن مامۆستا گرنگی زۆری هەیە ، بۆ ئەوەی قوتابی بگات بە بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە و زانیاری ڕاست و دروست ، زۆرجار کاتێك مامۆستا پرسیار ئاراستەی قوتابی دەکات قوتابی وەڵامێکدەداتەوە کە تەمومژاوییە و ڕوون نییە ، دەکرێت مامۆستا پەنا بباتە بەر زمانی میتا لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بگات بە وەڵامێکی گونجاو و لۆژیکی . بەکارهێنانی زمانی میتا چەند لە بواری وانەوتنەوەدا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی قوتابی و ڕەخساندنی کەشوهەوای گفتوگۆ لەناو پۆلدا ،کارئاسانیش زۆر دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل . بۆنموونە:

١٢-قوتابی : زمانی کوردی زمانێکی ناچالاکە.

ئەم دەربڕینە دەربڕینێکی گشتییە، دەکرێت مامۆستا لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بگات بە ڕاستی ئاخاتنەکە ، وەك:

ا- مەبەست لە چالاکی چییە ؟

ب- لە چ زمانێك ناچالاکترە ؟

ج- بەڵگەت بۆ ئەمە چییە ؟

- ..هتد.

لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە مامۆستا دەتوانێت بگات بە زانیارییە شاراوەکان. یان هەندێك کات قسەکەر زانیارییەکان دەکرتێنێت بۆ نموونە کاتێك مامۆستا دەپرسێت:

م:گونجاوترین پێناسە بۆ ڕستە چییە ؟

١٣ -ق : ڕستە بریتیە لە ڕەگی کارو پێویستیەکانی.

مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە زانیارییە شاراوەکان دەربخات وەك :

١ -بەڵگەت چییە ؟

٢-لە کام پێناسە گونجاوترە ؟

٣-تایبەتمەندی ئەم پێناسەیە چییە ،کە لە پێناسەکانی تردا نییە؟

....-هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك جار قسەکەر قوتابی دەدات مامۆستا لە ڕێگەی پرسیارەوە بۆی راستدەکاتەوە و دەیگەیەنێتە وەڵامی راست بۆ نموونە:

١٤-ق-وشە بچووکترین دانەی زمانە.

مامۆستا لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە دەتوانێت قوتابی بگەیەنێت بە وەڵامی راست وەك:

ا-مەبەست لە بچووکترین دانە چییە ؟

ب- بە لگەت چییە؟

ج-هیچ دانەی تری بچووکتر لە وشە نییە؟

د-مەبەست چییە لە وشە ؟

...-هتد.

بەکارهێنانی زمانی میتا لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا گرنگی زۆری هەیە ، دەبێت مامۆستا شارەزاییەکی باشی هەبێت لە ناسینی زمانی میتا و بەکارهێنانی لەناو پۆلدا ، بۆ رەخساندنی گفتوگۆ و راکێشانی قوتابی و وروژاندنی بیری قوتابی لەناو پۆلدا و راهێنانی بۆ وردبوونەوە لە دەربرینەکانی لەکاتی ئاخاوتندا.

٢-٦) جۆرەکانی پرسیار لە (دەقی وانەی یەکە م دەقی وانەی دووەم:(

جۆرەکانی پرسیار لە وانەی یەکەم: لە پرۆسەی وانەوتنەوە لە دەقی یەکەمدا ، لە کۆی (276) ڕستەی بەکارهاتوو ، ژمارەی ڕستە پرسەکان (114) ڕستەیە کە دەکاتە (41.30%)ی کۆی گشتی ڕستەکان، لە ماوەی (45)خولەکدا ، لە وانەی یەکەمدا دوو جۆر پرسیارکردن بەرچاو دەکەون یەکەمیان پرسیارکردن بەهۆی ئامرازەکانی پرس و دوومیان پرسیارکردن بەبێ ئامراز، واتە (بە ئاوازە) . (113) ڕستەی پرس بەکارهاتوون، کە (74) ڕستە بەهۆی ئامرازی پرسەوە پرسیارکراوە و (73) جار ئامرازی پرس بەکارهاتوون، واتە (63.79%) و (42) ڕستە بەهۆی ئاوازە وە پرسیارکراوە، واتە ڕێژەی (36.20%) . ئەو ئامرازە پرسانەی کە بەکارهاتوون ژمارەیان (9) ئامرازی جۆراوجۆرە ، لەناو ئەو ئامرازانەش ئامرازی (چی) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەبووە بە ڕێژەی (32.43%) ئەمەش پەیوەندی بە جۆری بابەتی وانەکە هەیە، کە (پێناسەکانی زمان) ە ،بابەتەکانی زمان بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانن بەتایبەت بابەتی وانەکە (پێناسەکانی زمان) کە شتێکی معنوی و نابەرجەستەیە بۆیە مامۆستا بۆ هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی بۆچوونی قوتابییەکان زۆرترین جار بە (چی) پرسیاریکردووە، واتە پرسیاری دەربارەی شت کردووە ئەویش زمان و پێناسەکانی زمانە کە شتێکی نابەرجەستەیە و ئامرازەکانی (چ کات، چەند) کەمترین بەکاهێنانیان هەبووە، بە ڕێژەی (1.38%) ، واتە زۆربەی ڕستەکان بە ئامرازی پرس کراون.

لەرووی کراوەیی و داخراویەوە لە پرۆسەی وانەووتنەوەی دەقی یەکەمدا، هەردوو جۆری ڕستە کراوە و داخراو بەدیدەکرێت، تیایدا (38) پرسیار لە شێوەی پرسیاری داخراوەیە ، دەکاتە ڕێژەی (32.75 %) و

(78) پرسیار پرسیاری کراوەیە، دەکاتە رێژەی (67.24%) لە کۆی (116) ڕستەی پرسیاری، جگە لەمە لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەم پرسیار لە شێوەی تیرهاوێژی (Shooting question) لە یەك حاڵەتدا بەکارهاتووە ،کە ئەم جۆرە پرسیارە زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوی قوتابیە لەناو پۆلدا ، بەتایبەتی کاتێك قوتابی لە وانەکە دوردەکەوێتەوە و ئاگاداری پۆل نییە ، لەم دەقەدا لەیەك حاڵەتدا مامۆستا بۆ ئاگادارکردنەوەی قوتابی ئەم جۆرەە پرسیارە بەکار دەهێنێت ، کاتێك کە یەکێك لە قوتابیەکان ئاگاداری وانەکە نیە و سەرقاڵە ، لەوکاتەدا مامۆستا دووجار پرسیاری ئاراستە دەکات و لێی نزیکدەبێتەوە و ناودەهێنێت ، بەمەش قوتابیەکە دەگەڕێتەوە ناو کەشوهەوای پۆلەکەو قوتابیەکانی تریش لە ئامادەباشیدا دەبن:

- زمانەوانەکانیش بەهەمان شێوە چییانکردووە نەوزاد؟

هەموو پرسیارەکانی تر لە شێوەی راوی ماسین (fishing questions)) واتە قوتابی ئارەزوومەندانە بەشداریدەکات .لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە پرۆسەی وانەوتنەوەی دەقی یەکەمدا مامۆستا پرسیاری وەك هۆکارێك بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی زانیاریەکان و زانینی ئاستی زانیاری قوتابیەکانی، واتە ئەو زانیاریانەی کە قوتابی لە دەربارەی بابەتەکە هەیەتی پێش دەستکردن بە شیکردنەوەی بابەتەکە ، بۆ مامۆستا سەرەتا پرسیار ئاراستەی قوتابیان دەکات ئینجا خۆی زانیاریەکان شیدەکاتەوە . زۆربەی پرسیارەکان پرسیاری کراوەن ، ئەمەش کاریگەری باشی هەیە لەسەر بەردەوامی گفتوگۆ لەناو پۆلدا و هاندانی قوتابی بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی و روژاندنی بۆ بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوونەکانی و زۆربەکەمی پرسیاری لە شێوەی تیرهاوێژی بەکارهێناوە ، ئەمەش وایکردووە قوتابی لە بارێکی دەروونی ئارامدا بێت و بێ ترس و دڵەراوکێ بەشداری وانەکە دەکات ، کاتێك مامۆستا پرسیار ئاراستەی قوتابیان دەکات زیاتر لە قوتابیەك بەشداریدەکەن و بۆچوونی خۆیان دەدەبڕن و واتە دادپەروەری بەرچاو دەکەوێت لە بەشداریپێکردنی قوتابی .

جۆرەکانی پرسیار لە وانەی دووەمدا : لە پرۆسەی وانەوتنەوەی وانەی دووەمدا، لە کۆی (373) ڕستە، (49) ڕستەی پرسیارییە، کە دەکاتە ڕێژەی (13.13%)ی کۆی گشتی ڕستەکان، لەماوەی (45) خوولەکدا، زۆربەی پرسیارەکانی کە لەم وانەیە بەکارهاتوون، زیاتر بۆ دڵنیابوونەوەی مامۆستایە لە گەیشتنی زانیارییەکان وەك (کەس پرسیاری هەیە ؟) زۆر بەکەمی پرسیار دەربارەی ناوەرۆکی بابەتەکە کراوە. پرسیارکردن بە هۆی ئامراز و بە هۆی ئاوازەوە ڕێژەکانیان بەم شێوەیە ، لە کۆی گشتی ڕستە پرسەکان، (49) ڕستەی پرس بەکارهاتوون ،کە(30) ڕستە بەهۆی ئامرازی پرسەوە پرسیارکراوە، دەکاتە ڕێژەی (61.22%) و (7) ئامرازی پرس بەکارهاتوون، کە (30) جار دووبارەبوونەتەوە ئامرازی (چیە ، چی) لەهەموو ئامرازەکانی تر زۆرتر بەکارهاتوون، کە هەریەکەیان (9) جار دووبارە کراوەتەوە، هەریەك لە ئامرازەکانی (چۆن ، لە کوێ ،چ ، ئایا) هەریەکەیان یەك جار بەکارهاتوون ، (19) ڕستە بەبێ ئامرازی پرسن واتە بە لە ڕێگەی ئاوازەی دەنگەوە پرسیارکراوە، دەکاتە ڕێژەی (38.77%) . واتە زۆربەی ڕستە پرسەکان بەهۆی ئامرازی پرسەوە کراون، لەرووی کراوە و داخراوەوە هەردوو جۆری پرسیار بەرچاو دەکەون، کە تا رادەیەك رێژەکانیشیان نزیکن لەیەکتر . لە کۆی (49) ڕستەی پرسدا ، (23) ڕستە لەشێوەی پرسیاری داخراون دەکاتە رێژەی (46,94%) و (27) ڕستە پرسیاری کراوەن ، دەکاتە ڕێژەی (55,10%) کۆی ڕستە پرسەکان . جگە لەمە لە هەموو ڕستە پرسەکان لە شێوەی پرسیارکردن لە لە شێوەی راوی ماسی (Fishing question)یە ، واتە قوتابی بە ئارەزووی خۆی بەشداریدەکات ، نەك مامۆستا خۆی بەشدارییپێبکات. هیچ ڕستەیەکی پرسیاری لە شێوەی پرسیارکردن لە شێوەی تیرهاوێژی (Shooting

(question)بەکارنەهاتووە ، واتە مامۆستا لە هیچ حاڵەتێکدا خۆی دەستنیشانی قوتابی ناکات بۆ بەشداری کردن.

٢-٧) گرنگی پرسیارکردن لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا لە (دەقی وانەی یەکە م و دەقی وانەی دووەمدا):

گومانی تێدا نییە کۆنترۆڵکردنی پۆل کاریگەری زۆری لەسەر چەندیەتی و چۆنیەتی گەیشنی پەیامی مامۆستا و رادەی دەستکەوتی زانستی لای قوتابی هەیە ، بۆیە مامۆستاکان و ئەوانەی لە بواری وانەوتنەوە کاردەکەن، چەندین رێگاو شێوازی جیا جیا بەکاردەهێنن بۆئەوەی کەشێکی ئارام و گونجاو برەخسێنن بۆ گەیاندنی پەیامە زانستیەکەیان . تاکو هەم مامۆستا هەم قوتابی لەرووی دەروونییەوە لە ئامادەباشی دابن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و پێکانی ئامانجی وانەکە . یەکێك لەو شێوازانە شێوازی راکێشانی قوتابیە بۆ ناو کەش و هەوای وانەکە لە رێگای پرسیارەوە . بێگومان لە کاتێکدا مامۆستا ئەرکی تەنها زانیاریگەیاندن بێ و قوتابیش تەنها وەك ئامێری تۆمارکردنی زانیاری لە پۆلدا گوێگرێ ، ئەوکات قوتابی هەست بە بێزاری دەکات و خۆی بە شتی لاوەکی سەرقاڵدەکات و هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و سەرقاڵ کردنی هاورێکانی دەدات. بۆیە دەستپێکی وانە زۆر گرنگە بۆ راکێشانی قوتابی . بە تایبەت ئەگەر دەستپێکی وانە بە پرسیار دەستپێبکات ، وا دەکات قوتابی سەرەنجی بخاتە سەر وانەکە و بەردەوام لەگەڵ مامۆستا بێت تا کۆتایی وانەکە . لەم توێژینەوەیەدا دوو وانە بە نموونە وەرگیراون و تۆمار کراون ، لەوانەی یەکەمدا مامۆستا زانیارییەکان لە رێگای پرسیار و وەڵام، زانیارییەکان بە قواتابیەکان دەگەیەنێت لە سەرەتا تا کۆتایی وانەکە، واتە رێگای (گفتوگۆ) بەکاردەهێنێت ، وانەی دووەم مامۆستا زیاتر قسەکەرە و قوتابیش گوێگر کەمتر پرسیار بەکاردێت ، بۆیە کۆنترۆڵکردنی پۆل لە هەردوو وانەکە جیاوازە ، لە وانەی یەکەمدا لەبەرئەوەی مامۆستا زانیارییەکان لە رێگەی پرسیارو وەڵامەوە شیدەکاتەوە بە پشت بەستن بە رێگای گفتوگۆ ، بۆیە دەبینین لەرووی کۆنترۆڵکردنی پۆلەوە مامۆستا لەسەرەتا تا کۆتایی وانەکە کۆنترۆڵی پۆلی لە دەستدایە و قوتابی هەست بە بێزاری ناکات و دەنگە دەنگ نابیسترێ ،چونکە قوتابی هەمیشە بیری لای بەشداریکردن لە وانەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مامۆستایە ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستا لەگەڵ وەڵامی قوتابیەکان ،کە دەستخۆشیان لێدەکات، ئەگەر وەڵامەکەشیان راست نەبێت و هانیاندەدات بۆ بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ ، پرسیارەکانیش چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە.

لەوانەی دووەمدا مامۆستا رێگای (تەلقین/محازرە) بەکاردەهێنی، واتە هەموو زانیارییەکان خۆیدەیدات و بەردەوام قسەکەرە لە چەند حاڵەتێکی کەمدا پرسیار بەکاردەهێنێت ، زۆربەی پرسیارەکان بۆ وەرگرتنی فیدباکە لە قوتابی کە پرسیاری هەیە یاخود نا ، تا بزانێت زانیارییەکانی گەیشتووە یان نا . بۆیە هەموو قوتابیەکان سەرەنجیان لای وانەکە نیە و هەست بە بێزاریدەکەن و دەنگە دەنگ دەکەن و چەند جارێك مامۆستا ئاگاداریان دەکات تا بێدەنگ بن و بە مێزەکەی بەردەمیدا دەکێشێت تا بێ دەنگ بن ، چونکە قوتابی تەنها گوێگرە و رۆڵی نییە لە شیکردنەوەی بابەتەکاندا، واتە هاندان بۆ گفتوگۆ و لەناو پۆلدا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت . بەگشتی مامۆستا زۆر هەوڵدەدات کۆنترۆڵی پۆل بکات ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها خۆی قسە دەکات و قوتابی تەنها گوێگرە بۆیە ناتوانێت سەرەنجی قوتابیان رابکێشێت بۆ ناو وانەکە ، بەمەش مامۆستا زۆر ماندوو دەبێت تا بتوانێت کۆنترۆڵی پۆل بکات . کەواتە پرسیارکردن هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە و ئاسانکاری زۆر بۆ مامۆستا دەکات بۆ راکێشانی سەرەنجی قوتابیەکانی بەمەش دەتوانێت کۆنترۆڵی پۆل بکات و بەردەوام سەرەنجی لای وانەکە دەبێت و خۆی خەریك ناکات بە شتی لاوەکی بە تایبەت ئەگەر مامۆستا پرسیاری لە شێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیرهاوێژی بکات، واتە کاتێك قوتابی سەرقاڵە و ئاگاداری وانەکە نییە ، مامۆستا پرسیاری ئاراستە بکات ئەمەش وا دەکات قوتابیەکانی تریش ئامادەبن و بۆ وەڵامدانەوە و ئاگاداری وانەکە بن ، لە ڕێگەی پرسیارەوە مامۆستا دەتوانێت گفتوگۆ دروستبکات لەناو پۆلدا و قوتابیان گوێ لە بۆچوونی یەکتر بگرن و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن . ئەو قوتابیانەی کە ئاستیان لاوازە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی پرسیاری بەدواداچوونەوە بیرکردنەوەیان بوروژێنێت بیانگەیەنێتە وەڵامی ڕاست.

ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك:

١-لە پرۆسەی پرسیاری ناو پۆلدا هەنگاوی یەکەم شارەزابوونی مامۆستایە لە جۆر و شێوازە جیاوازەکانی پرسیارو چۆنیەتی بەکارهێنیانیان ، ئینجا پراکتیکردنی لەناو پۆلدا.

٢ -لەم دوو وانەیەی کە بە نموونە وەرگیراون، لە وانەی یەکەم ڕێژەی بەکارهێنانی ڕستە پرسەکان (114) لە کۆی (276) ڕستە، لەڕووی کراوەیی و داخراویەوە لە پرۆسەی وانەووتنەوەی دەقی یەکەم، هەردوو جۆری ڕستە کراوە و داخراو بەدیدەکرێت، تیایدا (38) پرسیار لە شێوەی پرسیاری داخراوە، دەکاتە ڕێژەی (32.75 %) و (78) پرسیار، پرسیاری کراوەیە ،دەکاتە ڕێژەی (67.24%) لە کۆی (116) ڕستەی پرسیاری ، واتە ڕێژەی پرسیارە کراوەکان زیاترن ، بۆیە بەشداری قوتابی و گفتوگۆی ناو پۆل زیاترە بەمەش مامۆستا توانیویەتی سەرنجی قوتابی رابکێشێت و تەنانەت لە حاڵەتێکدا پرسیار لە شێوەی تیرهاوێژی لە قوتابیەك دەکات، کە سەرەقاڵە ئەمە وا دەکات قوتابیەکانی تریش لە ئامادەباشیدا بن . هەردوو جۆری ڕستەی بە ئاوازە و بێ ئاوازە بەکارهاتوون.

٣ -لەوانەی دووەمدا ڕێژەی ڕستە پرسەکان (لە پرۆسەی وانەوتنەوەی وانەی دووەمدا لە کۆی (373) ڕستە (49) ڕستەی پرسیارییە ، واتە ڕێژەیەکی زۆر بەکەمی پرسیار بەکارهاتوون ،لە کۆی (49) ڕستەی پرسدا ، (23) ڕستە لەشێوەی پرسیاری داخراون دەکاتە ڕێژەی (46,94%) و (27) ڕستە پرسیاری کراوەن، دەکاتە ڕێژەی (55,10%) کۆی ڕستە پرسەکان . ،هەردوو ڕێژەکە لە یەکتر نزیکن ، زۆر بەکەمی قوتابی بەشداریدەکات تەنها یەك دوو قوتابی بەشداریدەکەن ، جگە لەمە لە هەموو ڕستە پرسەکان لە شێوەی پرسیارکردن لە لە شێوەی ڕاوی ماسی (Fishing question) یە ، واتە قوتابی بە ئارەزووی خۆی بەشداریدەکات ، نەك مامۆستا خۆی بەشداریپێبکات. هیچ ڕستەیەکی پرسیاری لە شێوەی پرسیارکردن لە شێوەی تیرهاوێژی (Shooting question) بەکارنەهاتوون ، واتە مامۆستا لە هیچ حاڵەتێکدا خۆی دەستنیشانی قوتابی ناکات بۆ بەشداری کردن و هەردوو جۆری ڕستەی پرسیاری بە ئاوازە و بەئامراز بەکارهاتوون.

٤-پرسیار کاریگەری گەورەی لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی قوتابی و کۆنترۆڵکردنی پۆل هەیە ، هەروەك بۆمان دەرکەوت لەم دوو وانەیەی بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیرابوون.

سەرچاوە:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- بە زمانی كوردی:

1 - بەگیخانی، ئاواز حەمە صدیق (1996) ، ریزبوونی کەڕستە لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین
2 - دزەیی ،عبدالواحید موشیر (2012)،هێز و کاریگەری پرسیار لە دیمانەکانی راگەیاندندا ، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە ،گۆڤاری زانکۆی سەڵاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان ،ژمارە (54)
3 - دزەیی ، عبدالواحید موشیر (2013) ، پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری (NLP) پرۆگرامکردن و فۆرمات کردنی بیر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دارا ، هەولێر.
4 - فەرهادی ، ساجیدە عەبدوڵلا (2013) ، ڕستەسازی زمانی کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر
5 - مستەفا، فەرهاد علی (2016)،101تەکنیکی راهێنان و وانەوتنەوە –هەولێر.
6 - وەیس ،غازی فاتح (1984)،فۆنەتیك ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئەدیب ،بەغدا.

ب-بە زمانی عەرەبی:

1- أبو شعيرة و خالد الغبارى ، ثائر ،(2009) ، ادارة الصف الفاعلة و ضبط المشكلات الطلبة – مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع، عمان.
2- الخوالدة ، ناصر و عيد ، يحيي(2001) طرائق التدريس التربية لاسلامية – مكتبة الفلاح – عمان .
3- عباس، مها فاضل ، مستويات التقويم و التصانيف التى تضمنتها في أسئلة امتحان مادة التاريخ ، مجلة مركز البحوث التربية النفسية ،عدد السادس عشر

ج-بە زمانی ئینگلیزی:

1- Morgan N.and Saxan J (1991), Teaching Qustioning and Learning Rouledge .London ,.
2- Chuska R(1995) , improving classroom Questions , Phi Delta Kappa , Educational foundation Bloomington ,Indiana.
3- Aggarwal,j .c.A (1996) principles Methods and techniques of teaching , newdlhi , vikas publishing house Pv tltd.
4- Martin ,R , Sexton C , Wagner ,K .&Ger Lovich ,J .(2001) ,Teaching Science For all Children . 3nd ed Allyan Bosten :And Bacon .

د-ئەنتەرنێت:

1- المالكي ، عوض بن صالح بن صالح ، سلوكيات معلم الرياضيات الصفية المثيرة للتفكير الابتكاري ، محاضر طرائق التدريس الرياضيات بكلية المعلمين بالباحة .pdf

www.noorsa.net/files/file/slokeaat.pdf

2- هاني عبيدات و منصور العرود (2010) الاسئلة الصفية الشائع استخدامها لدي معلمي الدراسات الاجتماعية و كيفيية توجيهها و التصرف باجابات الطلبة في مديرية تربية لواء دير علا ، مجلة الزرقاء للبحوث و الدراسات الانسانية ، مجلد العاشر ، عدد الثاني .pdf:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

zujournal.zu.edu.jo/images/stories/2011/2-2010/3.pdf

3- الحداد ، وفاء، مهارة طرح الاسئلة (الجزء الاول) .

https://www.scribd.com/document/432892259/مهارة-طرح-الأسئلة-الجزء-الأول-ا-وفاء-الحداد-docx

4- أبو محفوظ ، صفاء محمد (2010) ، مستوى قدرة التصنيفية و زمن الانتظار عند طرح الاسئلة لدى معلمات الصف السادس الاساسي و علاقتها بتحصيل طالباتهن في التربية الاجتماعية ، رسالة ماجستير ، جامعة الشرق الاوسط . pdf

https://scholar.najah.edu/sites/default/files/1_1.pdf

The Role of Asking Questions in Controlling the Classroom

Rezhna Saefaddin Hassan
Kurdish department, college of language, salahaddin university, Erbil, Iraq
rezhna.hasan@su.edu.krd

Proff.Dr.Abdulwahid mushir mahmod
Kurdish department, college of language, salahaddin university, Erbil, Iraq
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

Keywords: *open questions, closed questions, archers questions, fishing questions, controlling, classroom management.*

Abstract

The research entitled (The role of asking questions in controlling the classroom), talks about the power of asking question and their impact on controlling the classroom, where the method of asking questions proved to be an important and effective way that the teacher can rely to control the classroom and attract the attention of

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

students within an atmosphere , And keeping them away from wjat could distract them or make them occupy themselves with it is a secondary thing . in the research we took two samples of teaching and recorded them , then we determined the types and extent of the effect of asking questions and the percentage of using this method in both samples, from the point of view of the teacher in the classroom . In conclusion that shows how the teacher in the first lesson managed to control the classroom well, by asking solved question and answers , while in the second lesson , how the students felt bored because , of the lack of asking questions, and the teachers inability to draw their attention to the lesson, because of their preoccupation.

دور طرح الأسئلة في السيطرة على الصف

ملخص:

البحث بعنوان (دور طرح الأسئلة في السيطرة على الصف) ، يتحدث عن قوة طرح الأسئلة و تأثيرها في السيطرة على الصف ، حيث أثبتت طريقة طرح الأسئلة أنها وسيلة مهمة و فعالة يُمكن أن يعتمد عليها المعلم للسيطرة على الصف و جذب انتباه الطلاب داخل جو الدرس ، و إبعادهم عما يمكن أن يُلهيهُم أو يجعلهم يشغلون أنفسهم به من الأشياء أو أمور الثانوية. في هذه الدراسة أخذتُ عينتين للتدريس و سجلتُهما ، ثم حددت أنواعَو مدى تأثير طرح الأسئلة و نسبة استعمال هذه الطريقة في كلتا العينتين ، من جهة تحكم المعلم بالصف. و في الختام توصلتُ إلى نتيجة تُبين كيف استطاع المعلم في الدرس الأول أن يسيطر على الصف بشكل الجيد ، من خلال طرح الأسئلة و الإجابات المحلولة ، في حين تَبينَ في الدرس الثاني كيف شعرَ الطلابُ بالملل بسبب قلة طرح الأسئلة ، و عدَم تَمَكن المعلم من جذب انتباههم إلى الدرس ، بسبب انشغالهم.